# تەنیا یەکگرتن و زانین مایەی سەرکەوتنی گەلی کوردە

ئەحمەد دەشتی

ئەمڕۆ لەم ساتە نالەبارە و ناسکە دا کە دوژمنانی داگیرکەری کوردستان بە تایبەتی داگیرکەری تورك وا چاوی تەماع و داگیرکردنی بڕیوەتە کوردستانی باشوور و بە هەر شێوەیەکی کە بۆی بلوێن دەیەوێت ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمڕۆ کە لە کوردستان بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستانەوە هەلکەوتووە ،لە ناوی بەرێت و کوردستان بە خوێن وتەرم بکێشێت و هەموو ئاوات و نیازی گەلی کورد ژێر پێ بنێن و کوردستانی باشوریش هەروەك کوردستانی باکور وێرانتر و خاپوور تر بکاتەوە ،دوژمنانی کورد بە تایبەتی داگیرکەری تورك هەر لە کۆنەوە دژ بە هەموو ئارەزویەکی گەلی کورد بووەوقەت نابێ بە دۆستی کوردو بە هەزاران هەزار کوردی لە ناو زیندانە ڕەشەکانی دا لە ژێر باری زەبرو زەنگ و لە سێدارە دان لە ناو بردووەو و تەنانەت مافی پەیڤینیشی لە 20ملیۆن کوردی قەدەغە کردووەو هەرچی مافی مرۆڤایەتیە بۆ ئەو گەلە کوردە چەوساوەیە ڕەوا نابینێ و ڕۆژێك نیە کە بە دەها کورد نەکوژێت و خاکی کوردستانی باکور خاپور نەکاتن و هەرچی وێرانەبی و کاولکاریە بە سەر کوردستانی هێناوە ،دەبینین وا ئەمڕۆکەش بە ناوی چەند تورکمانێکەوە کە لە کوردستانی باشوردان و لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو مافێکی ژیانیانیشیان پێ دراوە و ئەوەی کە ئەمڕۆ تورکمانەکان لە کوردستان دەیبینن هەرگیز ئەوەیان بە خۆیانەوە نەدیوە و ئەوان کە چەند هەزار کەسێکن و زۆربەیان جگە لە بەکرێگیراوەکانی تورك نەبێ هەموویان بە شادی و خۆشەویستیەوە سالەهایە لە گەل گەلی کورد دەژین و خۆشیان دەلێن ئێمە هیچ گیرو گرفتێکمان نیە و هەموو مافێکی خۆمان هەیە و ئەوانیش بۆ خۆیان دەلێن ئێمە دژ بە بەکرێگیراوانی تورکە فاشیەکانین کە دەیانەوێ گەلی کورد بە خاك و خوون بکێشن و ئەو هەلەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی باشور هەلکەوتووە لە ناوی بەرن و جارێکی تر کوردستان بکەن بە گۆمی خوێنەوە .

جا ئێمەی کورد بە هەموو چین و توێژ و حزب و لایەن و هەموو نیشتمانپەروەرێکەوە تەنیا ئەوەی کە پێویستمی سەرشانمانە و لە هەموو شتێ پیرۆز ترە ئەرکێکی تا بلێ مەزنە ئەویش زانین وگیانی پاکی یەك گرتن و یەك باوەڕی بە رامبەر بە کوردو کوردستان،جا دەبێ بە یەکەوە هەول و خەباتی بێ وچانمان بدەین دژی ئەم داگیرکەرانەی کە دەیانەوێ گەلی کورد توش بە کارەسات و نالەباری و بە سەرهاتەکانی ڕابوردووی مێژوو بکەنەوەو هەموو بیرو بۆچونێکی ترمان وەلا بدەین،ئەمڕۆکە لە هەموو کاتێك دا زیاتر پێویستیمان بە پاراستنی گیانی یەکبوون و هەستی بەرزی یشتمانپەروەریەوە هەیە ،چونکە ئەگەر داگیرکەری تورك بێتە کوردستان بە هەر ناوێکەوە بێت مانای ئەوەیە کە هەرگیز گەلی کورد پشووی ئازادی و ژیانی نابێت و کوردستان یەکپارچە دەبێتەوە ئاگردانی گڕ و ئەو هەلە پیرۆزە و لە بارەی کە بۆ گەلی کورد لە باشوری کوردستانەوە هاتۆتە کایەوە ئیتر لە ناوی دەبەن و دوژمنانی داگیر کەری کوردستان دیسان دژ بە کوردو کوردستان یەك دەگرنەوەو نیازە گلاوەکانیان وەدی دێنن،بۆیەکە دەبێ کە ئەمڕۆکە هەموو کوردێك هەستی پاکی نیشتمانی و پاراستنی کوردستان لە سەرووی هەموو بیرو بۆچوون و شتێکی تایبەت بە خۆیەوە وەلا بدات و کوردستان بە گەورەترو پیرۆزتر دابنێت و گیانی یەکتر گرتن بپارێزێت و پتەوی بکاتن، پێم وایە ئەوانەی کە هەمیشە بالۆرەی دژ بە گیانی یەکگرتن دەچڕن هەرگیز کورد نین و لە ڕیزی نیشتمانپەروەری و هەستی پاکی کوردایەتی دا بە دوورن، ڕۆژێکیش هەر دێت هەموو ئەوانەی کە لە پشتەوەڕا چال بۆ گەلەکەیان هەل دەقەنن پەشیمان دەبنەوەو

دەکەونە بەر تورەیی و لێپرسینەوە لە لایەن گەلی کوردستانەوە ،ئەمڕۆ تەنیا گیانی یەکبوون و پاراستنی کوردستان دەبێ بیرو باوەڕو مەبەستی هەموو لایەن و بۆچوون و مرۆڤێکی کوردی نیشتمانپەروەر بێتن،ئەگەر گەلی کورد یەك نەبێت و ئەوا جارێکی تر ئەم ئازادی و هەلە پیرۆزەی کە ئەمڕۆ هاتۆتە کایەوە لە دەستمان دەڕواتن و دیسان بە هەزاران هەزای ترمان دەبنە قوربانی و نەبوونی یەکێتی لە کوردستانی ئازیزمان دا .

من بە بۆچوونی خۆم لەم هەلەی ئەمڕۆی کورد باشترمان بۆ هەل ناکەوێتن،جا بە گیانی پاکی کوردایەتی و خۆشەویستی و دلسۆزی وەفا بۆ کوردو کوردستان دەبێ هەموو هەست و بیرێکی تەسك و تریسك وەلا بدەین و ڕوو لە یکتر بکەین و بە گیان و بە دل بۆ کوردو کوردستانمان هەرچی هەمانە بیکەین بە قوربانی و کوردستانی خۆمان لە چنگ ئەو دڕندە فاشیانەی کە نیازیان دیارە چیە ڕزگار بکەین و نەیەلین کە جارێکیتر گەلی کوردی هەژار و چەوساوە لە کوردستانی باشور دا بکەوێتەوە دەستی ئەو دڕندانە و ئێمەی کوردیش ئازاد و ڕەهاو سەر بەرز بژین و کوردستانیان لێ بکەین بە گۆڕستان.

نەفرین لە داگیرکەران و هەموو ئەوانەی کە دەستی تەماعیان بۆ خاك و نەتەوەکەمان درێژ دەکەن و دەیانەوێ کوردستانی زێدی باوك و باپیرانمان داگیر بکەن و گەلی کورد جارێکی تریش لە کوردستانی باشورەوە توش بە کارەسات و نەهامەتی بکەنەوە .

بژی گیانی یەکگرتن و پاراستنی کوردستانی ئازیز و خۆشەویستمان.

بژی هەستی پاکی نەتەوایەتی و سەرکەوتنی گەلی کورد بە سەر داگیرکەرو دوژمنانمان دا